# یەکسانی لە ملهوڕیی و ئازادی لە سێکسفرۆشیدا

هەژێن
١٢ی ئۆگوستی ٢٠١٥

بابەتێك بۆ مشتومڕ و ئاڵوویێری بۆچوون

ئەم رۆژانە میدیای دەوڵەتانی ئەوروپی ناوبەناو دوو بابەت دەوروژێنێت ، کە بریتین لە دابەزاندنی یەکسانی ڕەگەزیی [ژن و پیاو] تا ئاستی یەکسانی هەژماری ژنان لەتەك هەژماری پیاوان لە دەسەڵات و پلەکانی بەرێوەبردندا، هەروەها دابەزاندنی ئازادی تا ئاستی یاساییبوونی سێکسفرۆشیی ژنان. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر لەو دەوڵەتانەدا کرێی کاری ژنان بەراورد بە کرێی پیاوان لە هەمان پیشە و بواردا نزیکەی لەسەدا بیست و پێنج ٢٥% کەمترە و دەوڵەت و سەرمایەداران بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین مل بە سێنتێك/ پێنسێك زیادبوونی یەکسانی ئابووریی بدەن و سیناریۆکەیان تەنیا یەکسانی دەسەڵاتداربوون و چەوسێنەربوونە بۆ ژنانی دەوڵەمەند و پیاوان دەستەبژێر و دارا ، تاوەکو باشتر بتوانن وەك پیاوانی دەسەڵاتدار و دارا ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش وەك پیاوانی کرێکار و زەحمەتکێش بچەوسێننەوە.

لەبارەی پرسی دووەمەوە ، کە بێڕێزییکردنە بە مرۆڤبوون و پێشێلکردنی هەست و سۆز و دەروونی ژنان ، لەجیاتی ئەوەی ئەو بێڕێزییە یاساخبکرێت و لە بەرانبەردا کار و پیشە و خولی تایبەت بۆ پەروەردەکردنی توانانییەکانی ژنان لە بواری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا بکەنەوە ، بۆرجواکان هەوڵی یاساییکردنی بێڕێزی بە مرۆڤبوونی ژن دەدەن. هەرچەندە تا ئێرە ئاساییە و سەروەری و یاسا و هەوڵی ڕامیاران و سەرمایەداران تەنیا بۆ کۆیلەڕاگرتنی مرۆڤە بەهەر بیانوویەك و شێوەیەك بێت ، بەڵام ئەوەی نا ئاسایی نییە ، ئەوەیە کە بەداخەوە لەو بارەوە هەندێك لە ژنان بەناوی یەکسانیخوازیی و بەشێك لە کۆمونیستەکانیش لایەنگریی لەو هەوڵەی بۆرجوازی دەکەن ، کە لە بنەڕەتدا شانخاڵیکردنە لە وەڵامدانەوە بە بێکاریی ملیۆنی ژنان ، هەوڵدانە بۆ ڕاگرتنی ژنان لەو پلەچەندییەی کە ئایینەکان بۆ ژنیان دیاریکردووە و بریتییە لە ئامرازبوونی ژن بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆش و هەوەسبازیی پیاوان.

پرسیار لەبارەی پرسی یەکەمەوە:
ئایا جیاوازی لەنێوان ئەوەدا هەیە ، کە چەوسێنەر و سەرکوتگەری ژنان خودی ژنان بن یا پیاوان؟
ئایا یەکسانی دەسەڵاتداربوونی ژنان هیچ لە ناڕەوایی دەسەڵاتداریی و ملهوڕیی سەروەریی دەگۆڕێت ؟

پرسیار لەبارەی پرسی دووەمەوە:
- ئایا جیاوازی پیاوانێك کە بە دەسەڵاتی پارە دەچنە سێکسفرۆشییەکان و هەست و نەستی ژنان دەکەنە کۆیلەی وەڵامدانەوە بە هەوەسبازیی خۆیان لەتەك ئەتککردنی ژنان لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتدار و جەلاد و نەخۆشەوە هەیە ؟
- ئایا هیچ بنەمایەکی ئازادیخوازیی هەیە ، کە پشتیوانی لە یاساییکردنی پلەچەندبوونی ژنان بکات ؟
- ئایا یاساییکردنی سێکسفرۆشی گەڕانەوە نییە بۆ سەر هەمان بنەمای ئایینی ، کە ژنان بە ئامێرێك بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسبازیی و ئاڵۆشی پیاوان دەزانێت ؟